**(بایکۆتی ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکان**

**تا هەبوونی سیستێمێکی باوەڕپێکراو)**

سەوداکردن بە سەربەخۆیی و دەوڵەتەوە دوا بێڕێزییە بە میللەت بکرێت، بایکۆت!

هیچ گەلێک چارەنوسی خۆی ناداتە دەست "چی دەبێت با ببێت" مەرمیللەت نەبێت.

ئەگەر ریفراندۆم بۆ هەزارو یەک مەبەست بێت دوان لەوانە سەربەخۆیی و دەوڵەت نین.

بە نەخێرو بە بەخێر هاوڵاتی ملکەچیی تازە دەکاتەوە بۆ دەستەڵات.

دەنگدان کاتێک رەوایە ئەگەر ریفراندۆم بۆ دەوڵەت نەبوو جەماوەر بتوانێت هەموو ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ لابردنی دەستەڵات.

جوڵاندنی داشی ریفراندۆم ناچارکردنی داگیرکەرانە بکەونە خۆیان بۆ گەلەکۆمەکێ دژی کورد.

**هاوڵاتیانی وڵاتپارێز!**

حەرامە نەک بۆ سەربەخۆیی گەلی خۆمان بەڵکو بۆ سەربەخۆیی هەر گەلێکی تریش مرۆڤ بڵێت نەخێر! ئەوەی کە مرۆڤ لە جیهاندا گیان و سامانی لە پێناودا داناوەوە دادەنێت سەربەخۆیی گەل و رزگاریی نیشتیمانە. ئەم دووانە ناگۆڕدرێنەوە بە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە. هیچ بەهایەکی تر قەرەبووی بەهای سەربەخۆیی و بەهای خاکی نیشتیمان ناکاتەوە. چونکە هەموو بەهاکانی تر لە دوای بەهای ئازادیی و بەهای خاکی نیشتیمانەوە دەست پێ دەکەن. ئەم دوو بەهایە ئەو زەوییەن کە کۆمەڵگایان لەسەر بونیاد دەنرێت. هەر خوارییەک بکەوێتە سەربەخۆیی و رزگاریی نیشتیمانەوە بە ژیانی هەموومانەوە دیارە. وازهێنان لەو دوو بەهایە لە لایەن هەر دەستەڵاتێکەوە، دەبێت هەر فرۆشتنیان و ناپاکیی بێت لە خاک و خەڵک.

**هاوڵاتیانی بێ ماف!**

دەستەڵاتی پارتەکانی باشور لە دروستکردنەوەی عێراقدا لە ژێر پەردەی ماددەی (١٤٠)دا وازیان لە نیوەی خاکی باشور هێنا. جگە لە پۆست و پارەی روت، لە جیاتی ئەوە سێ شاری کوردستانیان وەرگرت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان تیا دامەزراند. وەکو لای هەموو لایەک رونە لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە ئەم ناوچەی هەرێمە بووە بە دەستکەوت و نێچیری دەستەڵاتی پارتەکان. گەلی باشوریش بە درێژایی مێژووی پارتەکان بێ مەرج ملکەچییان بۆ تازە کردونەتەوە. دەستەڵاتی پارتەکان هەر تاوانێکیان کردبێت و هەر کارەساتێکیان هێنا بێت بە سەر خەڵکدا هیچ نەکەوتووە لەسەریان. چونکە مەرمیللەت ئەو مافەی نەداوە بە خۆی کە دەستەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوەو سنورێکی بۆ دابنێت. ئەم بێمافییەی میللەت وای کردووە کە دەستەڵاتی پارتەکان لە سەر حسابی میللەت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ بێگانە بێ ترس هەموو بڕیارێک بدەن. بێ سڵەمینەوە هەموو دەستدرێژییەک بکەن، دەستدرێژیی سیاسیی، دەستدرێژیی ئابوریی، دەستدرێژیی کولتوریی، دەستدرێژیی کۆمەڵایەتیی و رەوشتیی.

**هاوڵاتیانی هوشیار!**

تەنها گەرەنتییەک بۆ سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەت بونیادی گەل خۆیەتی. ئەم بونیادەش تەنها لە رێگای دەستەڵاتێکی پیسخۆر لە گەلەکە خۆیەوە هەڵدەوەشێت. وەکو لای هەمووتان رونە کە تاڵانیی دەستەڵاتی پارتەکان کۆمەڵگای باشوری توشی هەڵوەشان کردوەو خستویەتە قەیرانێکی سەختەوە. بە جۆرێک کە مەترسیی دارەمەت، کەرامەت و ئاسایش لەودیو دەرگای هەر یەکێکەوە راوەستاوە. شانبەشانی وازهێنان لە خاکی نیشتیمان پارتەکان هەموو ئەو بونیادانەیان لە ژێر ناوی "گەندەڵیی"دا هەڵوەشاند کە سەربەخۆیی و دەوڵەتیان پێ دروست دەکرێن. دەستەڵاتدارەکان خۆیان بۆ ئەوە هەن کە کورد ژێردەستە بێت و دەوڵەتی نەبێت.

**هاوڵاتیانی جوامێر!**

سەرگردەکانی باشوری کوردستان بە درێژایی مێژوویان بە ناوی کوردایەتیی و جۆرەها ئایدۆلۆجیی باوی ترەوە جەماوەری کوردیان بە کوشت داوە. بەڵام لە کردەوەدا دەرکەوتووە کە دەوڵەتانی ناوچەکەو دونیا لە رێگای ئەوانەوە پرسی کوردیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار هێناوە. هەر کاتێکیش ئیشیان بە جوڵانەوەی کورد نەمابێت ئیتر جوڵانەوەکە سیاسەتێکی کوردیی نەبووە پێی بەردەوام بێت، ئاشبەتاڵی لێ کردووە. ئەمەش بە کارەسات وماڵوێرانیی شکاوەتەوە بە سەر گەلی کورددا.

جوڵاندنی داشی ریفراندۆم وەکو مەترسییەک بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە، بۆ نمونە لە لایەن تورکیاوە، ناچارکردنی ئەو وڵاتانەیە بکەونە خۆیان بۆ گەڵەکۆمەکێ بۆ لێدانی کورد. ساڵی (١٩٧٤)یش دەستەڵاتی کورد بە فیتی ئێران بە قسە ئێران کردەوە لەسەر کەرکوک بەڵام ئێران و عێراق رێکەوتن لەسەر پرسی کورد و کورد نەک کەرکوک هەموو کوردستانی دانا.

لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای باشور بۆ گیرفانی بازرگانەکانی جەنگ لە قەیراندا نوقوم بووە، دوا شت مابێت سەرگردەکان سەری خەڵکی پێ بخەنە ناو تورەکەوە هەستی سەربەخۆیی و خواستی دەوڵەتی کوردییە. بەم دوانەش دەیانەوێت هەستی گەلی کورد بجوڵێنن و جوڵانەوەی هاوڵاتیان وەکو کارتێک بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بهێنن. قەباعەتەکانیان و تاوانەکانیان کە نزیک بوونەتەوە قورتمیان بگرن، بکەنە پاکەتی سەربەخۆیی و دەوڵەتەوە. ئەندام و سودمەندەکانیان کە بۆ هەموو تاوانێک و لادانێکیان خۆیان مت دەکەن ئێستا بە بۆیاخی نەتەوەییەوە خۆیان دەربخەن و رایان بگرن.

**هاوڵاتیانی بە ویژدان!**

لای هەموو لایەک رونە ئەم رەوشەی باشور کە لە رێگای سەرگردەی پارتەکانەوە ئامادە کراوە نە سەربەخۆیی لێ دەکەوێتەوە نە دەوڵەتی پێ دروست دەکرێت. ریفراندۆم بۆ بەکارهێنانی "هەستی سەربەخۆیی" و "خواستی دەوڵەت" بۆ مەبەستی تر، گەورەترین بێرێزین کە بە خەڵک بکرێن. بێرێزییەک کە خەڵک خۆی لە رێگای تازەکردنەوەی ملکەچییەوە دایناوە بۆ خۆی کە دەستەڵات پێی ببرێت. گەلێک لە رێگای مەرج لە سەر دەستەڵاتەوە نرخ و رێز بۆ خۆی دادەنێت. جان جاک رۆسۆ وتەنی: "هەر گەلێک بێ مەرج خۆی بخاتە دەستی هەر دەستەڵاتێکەوە، هیچ نرخێک لەباتی وەرناگرێت." بەشداریی لە هەڵبژاردنەکان و ریفراندۆمدا بە بێ مەرجی میللەت مافی رەهای داوە بە دەستەڵاتی باڵا. بۆیە دەستەڵاتی باڵا هەموو هەقێکی لایە مەرمیللەت چۆن بەکاربهێنێت. هەقی خۆیەتی ریفراندۆمیان پێ بکات یان لە پرێکدا پەشیمان ببێتەوەو نەیکات. هەقی خۆیەتی ئەنجامی ریفراندۆم چۆن و بۆ چی بەکاربهێنێت. بۆ سەرگردەکان گرنگ نییە مرۆڤ دەنگ بدات بە نەخێر یان بە بەخێر. ئەنجامی دەنگدان خۆیان بریاری لێ دەدەن. بۆ ئەوان گرنگ ئەوەیە جەماوەر روو بکەنە سندوقەکان و ملکەچیی خۆیان تازە بکەنەوە بۆ سەرگردەکان. مەرمیللەت بۆ دەستەڵاتی رەها هەیە. مافی نەداوە بە خۆی لە دەرەوەی دەستەڵات بۆ خۆی هەبێت. بۆیە ئاساییە ویست و بەرژەوەندیی دەستەڵاتی رەها ویست و چارەنوسی مەرمیللەتیش بێت هەرچەندە لەسەری بێ موچە، زەلیل و بێ داهاتووش بێت. ئاساییە تاوان و لادانێک دەستەڵاتی رەها بیکات مەرمیللەت بچێتە ژێرباری و ئاکامەکەی هەڵبگرێت. ئاساییە دەستەڵاتی رەها گەمە بە بوون و داهاتووی خەڵکەوە بکات. وەکو زار هەڵیان بدات "چی دەبێت با ببێت".

**هاوڵاتیانی خەمخۆر!**

کۆمەڵگا دەستەڵات لە خۆی دروست دەکات بۆ ئەوەی بیپارێزێت و بیبات بەرێووە. دەستەڵاتێک لەم دوو ئەرکە سەرەکییە لابدات رەوایی حوکمکردنی نامێنێت. لادان و نارەوایی دەستەڵاتی پارتەکانی هەرێم لای هەموو لایەک بەڵگە نەویستە. بۆیە ئەرکی سەر شانی هاوڵاتیانە سنور بۆ ئەم دەستەڵاتە نارەوایە دابنێن. بەشداریکردن لە ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکاندا بە بێ مەرج هەقدانە بەو هەموو قەیران و پیسخۆرییەی کە کراوە. سەرپشکردنی دەستەڵاتە بۆ سەوداکردن بە خاک و خەڵکەوە. بەشداریکردن لە ریفراندۆمدا کاتێک رەوایە کە رێکەوتنێک لە نێوان دەستەڵات و بەرەی خەڵکدا هەبێت. رێکەوتنێک کە هەر کاتێک دەستەڵات ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەت نەبوو میللەت مافی ئەوەی هەبێت هەموو ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ لابردنی. لەبەر ئەوەی کە هیچ رێکەوتنێکی لەم جۆرەش لە ئارادا نییە، دەستەڵات بێ مەرج بە ئارەزوی خۆی بریار دەدات، ئەوا ئەرکی نیشتیمانیی هەر هاوڵاتییەکی وڵاتپارێزە کە بایکۆتی ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکان بکات. بایکۆتی ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکان تا ئەو کاتەی کە سیستێمێکی متمانەپێکراو دێتە پێشەوە. سیستێمێکی هەڵبژاردن کە گەرەنتی ئەوە بکات دەنگدان بۆ بەشداریی هاوڵاتی بێت لە بریاردا نەک بۆ تازەکردنەوەی ملکەچیی بۆ دەستەڵاتی ژمارەیەک بازرگانی جەنگ.

ناسر حەفید

٢٠١٧/٠٩/١٦